
کەشناسی هەرێم: سبەی باران دەبێت و لە تەواوی ناوچە سنوریيەکانیش بەفر دەبارێت



کەشناسی هەرێم پێشبینی دەکات سبەی شەممە، باران بارین ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەوەو لە سەرجەم ناوچە سنوریيەکانیش بەفر ببارێت.

بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لە راگەیەندراوەکدا وتی، ئەمڕۆ هەینی، ئاسمان پڕە هەور بە نیمچە هەور دەبێت لەگەڵ ئەگەری بونی تەزەکی سوک لە کەشداو پلەکانی گەرماش نزیك دەبن لە تەمارکراوەکانی دونێ.

هەر بەپێی راگەیەندراوەکە، سبەی شەممە، ئاسمان لەنێوان نیمچە هەور و هەوری تەواو دەبێت، سەرەتا لە ناوچە شاخاویيەکانی باکوری پارێزگای دهۆك کەمێك نمە باران و بەفر بارین دەستپێدەکات، پاشان لە کاتەکانی ئێوارە نمە باران و بارانی مامناوەند زەربەی ناوچەکانی پارێزگای دهۆك و ئیدارەی سەران دەگرێتەوە.

وتوشیەتی، سبەی لە درێنگانی شەودا کاریگەری دابارین زیاد دەکات و لە زەربەی ناوچەکانی هەرێمی

کوردستان باران بارین دەبێت و هەروەها لەسەرجەم ناوچە سنوریەکان بەفر بارین دەبێت.

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، سبەی پلەکانی گەرما، 1 تا 2 پلە بەرزتر دەبن بەراورد بە تەماركراوەکانی ئەمڕۆ.

کێشناسی هەرێم پێشبینی کردوە بەرزترین پلەکانی گەرمای پێشبینیکراو بۆ سبەی بەم جۆرە بن:

هەولێر: 15 پلەی سیلیزی

پیرمام: 12 پلەی سیلیزی

سۆران: 12 پلەی سیلیزی

حاجی ئۆمەران: 4 پلەی سیلیزی

سلێمانی: 14 پلەی سیلیزی

چەمچەماڵ: 15 پلەی سیلیزی

دهۆک: 15 پلەی سیلیزی

زاخۆ: 15 پلەی سیلیزی

هەڵەبجە: 15 پلەی سیلیزی

گەرمیان:: 18 پلەی سیلیزی